# کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل

## 4- بەفریشتەکردنی نووسەر:

### نووسەری گەندەل

ئازاد حەمە

ئێمە لە یەکێ لە باسەکانی لایسەرەوە ناحەزی خۆمان بەرامبەر بێ شکۆداری نووسینی کوردی نیشاندا و ئەوەشمان دەستنیشانکرد نووسینی کوردی, نووسین لە کۆمەلگەی گەندەل, چەند بێ هەیبەتە و سامیخۆی لەدەستداوە. بەلام لێرە,لەم بەشە, دەمانەوێ لەلاێ ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو کەسە کەین پێیدەلێن ""نووسەر"" و , لەلایێتر بەباشیدەزانین ڕۆلی ئەم کەسە لە تێکدانی ئازادی ڕادەربڕین و ستاتۆسی (کیان) بیروبۆچوون (بینین, دید) بەرچاوخەین. ئەم کەسە ,بە باوەڕی ئێمە, لەم جۆرە کۆمەلگەیە کە بەرپرسیارە بەرامبەر بە تێکدانی کردەی نووسین و مانای بیروبۆچوون لەڕێگای نووسینەکانیەوە کار بۆ بە فریشتەکردنی خۆشیدەکا. بۆیە لەڕێگای ئەم بەشەوە دەمانەوێ دژ بەو ئاڕاستەیە بوەستینەوە نووسەری کۆمەلگەی گەندەل بەفریشتە دەزانێ و لەو گەندەلە هزریەش بێلایەنیدەکا لە کۆمەلگەدا دەژی. کەواتە لەم بەشە هەولدەدرێ نووسەر, نووسەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل,کە بەشێکە لە توێژی ڕۆشنبیری کۆمەلگەی ناوبراو, لەوەبخرێ وەک فریشتە ببینرێ. چونکە ئەو گەندەلە هزریەی ئەم کۆمەلگەیە تیایدەژی نووسەرەکەی, هەروەک سیاسیەکەی, بەرپرسیارەلێی. بەلام لێرە مەبەستی ئێمە لە نووسەر گشت نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو نییە بەلکو تەنیا ئەو بەشەیە دروستکەری گەندەلیە و لەو گەندەلیە هزری و سیاسیەش بێدەنگ و بێ ئاگایە لە کۆمەلگەدا ڕوودەدا.

بۆئەوەی تێگەیشتنی خۆمان لەسەر بێ لایەنی نووسەر لە دروستبوونی زەلکاوی گەندەل بە هەلە دەرخەین دەمانەوێ لەوێوە دەستپێکەین کە لە کۆمەلگەی گەندەلدا زۆربەی توێژەکانی کۆمەلگە بە نووسینەوە سەرقالدەبن و نووسین دەبێ بە کار و پیشەی گشت (زۆربە) و ئەوی نە نووسێ (بلاونەکاتەوە) لە پەراوێزی کۆمەلگە کۆلاپساویەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە و ,لەبەرئەوە کەس بەو بەختە قایل نابێ لە پەراوێزدا بێ بۆیە دەبینین هەر هەموو یان زۆرینەی خەلک لەم جۆرە کۆمەلگەیە دەنووسن. ئەگەرچیش هەر هەموو لەمجۆرە کۆمەلگەیە تێکڕا دەنووسن بەلام موخابن هەرهەموو وەک یەک دەنووسن و نووسینەکانیشیان نە کاریگەرە و نەش هەلدەگیرێتەوە. واتە گرفتی ڕوناکبیری یان تەنگوچەلەمەی هزری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئەوەنیە نووسین(تێکست) نەبێ , یان نووسین دەستنەکەوێ نەخێر ئەمە مەسەلەکە نییە چونکە چواردەوری گشت کەسێ بە ڕۆژنامە و هەفتەنامەی ئەهلی و حیزبی گەمارۆدراوە بەلکو گرفت و عیلەتی سەرەکی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لەم ڕووەوە لەوەدایە نووسین وەک پیشەسازیێ دەبینرێ. نووسین لەبەرئەوەی ,وەک گشت بەروبومەکانی تر ( سیاسەت, جوانکاری یان هونەر, خۆشەویستی و زانین ),لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ڕەواجی هەیە ئەم بەرەواجبوونە سەرەتایێکە بۆ بەگەندەلیکردن و کۆلاپساویکردنی نووسین ئەمەش وادەکا شتێ نەبێ پێبووترێ بیروبۆچوون.

ئەم لایەنەی لایسەرەوە بەرباسخرا (واتە بێ شکۆداری نووسین و ووتنی نووسەران) بیرۆکەیێکی لائێمە دروستکردوە پێچەوانەی ئەو بیرۆکە باوەیە لەناو خەلک زالە. لەناو خەلک دۆزی نووسین لە کۆمەلگەی ناوبراو بارێئەوتۆی هێناوەتەگۆڕێ زۆربە ڕووی دەمیان کەمتر ئاڕاستەی بەرهەمهێنەرانی نووسین بکەن (واتە نووسەر) و زۆرتر ئاڕاستەی بەکاربرانی(واتە خوێنەر) نووسینی بکەن. بەلام ئێمە کێشەکە ئاوا نابینین. لەلاێ ئەوە دەلێین کە, ڕاستە ڕەخنەکردنی خوێنەرانی کۆمەلگەی گەندەل ئەرکێ ڕوناکبیریە بەلام ئەوی وایلە نووسین کردوە ووتن و گوزارەکانی, وشە و واتاکانی, بایەخ و کێشیان نەبێ تەنیا, یان بەزۆری, بۆ خوێنەر ناگەڕێتەوە بەلکو بەزۆری و بەگشتی نووسەر لەم ڕووەوە بەرپرسیارە. لەلایێتریش ئەوە دەلێین کە, ڕاستە ئەوی هەلناگیرێتەوە ووتنی

نووسەرانە و ئەوی بەکارنابرێ تێگەیشتن و سێرکردنی ڕۆشنبیرانە بەلام ئەمە دەرئەنجامە و هۆ نییە, بەلکو هۆکە ئەوەیە نووسینی نووسەرانی کورد بێ ئامانج و بێ هزرە ئەمەش ئەو تێگەیشتنە لای ئێمە دروستدەکا کە نووسەری کورد سووچبارە سەبارەت بە هاتنەخوارەوەی ئاستی نووسینی کوردی. کەواتە پووختەی ئەم بەشە خۆی لە ڕوونکردنەوەی بیرۆکەیێکدا دەبینێتەوە  ناویدەنێین بەفریشتەکردنی نووسەر. هۆی ئەوەش بەمجۆرە نووسەر ناوزەددەکەین بۆ ئەو تیۆریە فەلسەفیانە ناگەڕێتەوە سێ و چوار دەیەێ لەمەوبەر لەنێو بیریارانی ڕۆژئاوا نووسەری پیێ پێناسەکرا, واتە تیۆری مەرگی نووسەر کە پاشماوەی هزراندنی بیرمەندە پاش بنەماخواز و پاش تازەگەرەکان بوو, بەلکو هۆی ئەوە بۆئەوەدەگەڕێتەوە لە کۆمەلگەی گەندەل دا نووسەر نەک هەر دەبێ بە پاشگری بەردەوامی دەسەلات بەلکو تێکەلاوی ئەو گەندەلیەش دەبێ جەستەی کۆمەلگەی لەهەموو لایێکەوە دەردەدارکردووە.

واتە ئێمە لەم نووسینە تەنیا بەوەوە ناوەستین نووسەر وەک پاشگری دەسەلات ببینین, کە بەخۆی خاسلەتەکانی ئەو کۆلاپسەی کۆمەلگە پیایتێدەپەڕێ لەپشت ئەم بەپاشگربوونەی نووسەرەوەیە, بەلکو نووسەر وەک ئەو بوونەوەرەش دەبینین ناتوانێ سەرووی دیاردە کۆلاپساوی و گەندەلەکانی کۆمەلگە بێ و, ئەم کۆمەلگەیەش لەبەرئەوەی کۆلاپسەکەی(دارمانەکەی) زۆر کاریگەرە ئەمە کارێ ئەوتۆدەکا هیوایێ زۆر بخرێتە سەر نووسەر بەلام لەبەرئەوەی گەندەل و کۆلاپسەکە زۆر بلاو و درێژخایەنە نووسەریش پێوەیگلاوە. ئەم شێوە دیتنەش وادەکا سەرەتا بۆئەوەبچین ئەوەی نووسەری کۆمەلگەی گەندەل لەکەداردەکا نووسەر خۆیەتی نەک دەسەلات, چونکە هەقایەتی لەکەدارکردنی نووسەر لەلایەن دەسەلاتەوە لە هەقایەتە کۆنەکانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلە کە بۆلەمەولا پێویستە پتر سەرنجبخرێتەسەر خودی نووسەر و نووسینەکەی. بەپێیئەوەی گرفتی نووسەریش لە کۆمەلگەی کۆلاپس لەوەدایە نووسینەکانی خۆی ناخوێنێتەوە و, مەفتوونی ئەوەشە بەلێشاو بنووسێ ناپەرژێتەسەرئەوەی لەوە تێرامانکا بلاویکردۆتەوە. واتە نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل گەر نووسینەکانی خۆیان بخوێننەوە لەوەحالیدەبن زۆر شت هەیە دەکرێ نەنووسرێ, یان زۆرشت هەیە پێویستە بەجۆرێ تر بووترێ, هەروەها زۆر شت, بگرە هەر دونیایێ شت, هەیە نەنووسراوە دەبایە زەمانێ لەمەوبەر بووترایە بەلام هیچیەکێ لەمانە جێیبایەخی نووسەری گەندەلی گۆمەلگەی گەندەل نەبووە. لەوانە سەیرتر نووسەری کۆمەلگەی گەندەل, کە نووسەرێ گەندەلە, لەوە بێئاگایە هەچ نووسەرێ سالانێ نووسی ناشێ نووسینی خۆی کاوێژکاتەوە و تەنانەت نا- لۆژیکیشە بەری بیر و هزری کەسانیتر بجوێتەوە بەلام ""ئەم "" هەموو ئەمانەدەکا چونکە گەندەلە و دژی خولقانە. بۆیە نابێ و ناشێ نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو وەک فریشتە و کەسێ بێ گوناه تەماشاکرێ. بەلام نافریشتەی نووسەری کۆمەلگەی  گەندەل تەنیا بۆئەم لایەنانە ناگەڕێتەوە بەلکو بۆهەندێ لایەنیتریش دەگەڕێتەوە لەوانە هەولی نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو , واتە نووسەری گەندەل , لە کۆیلەکردنی خوێنەر. ئەم ڕەفتارە کە تابلێی گەندەلاویە مانای خۆی بۆ بێ نرخکردنی خودی کردەی نووسینیش هەیە. چونکە نەرجسیەتی نووسەر شتێ بێ مانا و نا-پێویستە و کاریگەریێ نێگەتیڤانەشی بەسەر مانای نووسینەوە هەیە. یەکەم دەگەش نووسین لەمڕووەوە بەریدەکەوێ ئەوەیە نووسین بێ نرخ دەبێ و هەلناگیرێتەوە, واتە نووسین کارییێناکرێ.

خالێتریش دەکرێ لێرە وەک دەلیلێ بۆ قبوولنەکردنی نووسەر وەک فریشتەێ بەکاربرێ ئەوەیە ڕەفتاری گەلێ لە نووسەرانی کورد گەندەلاوی و خێلەکیە. چونکە نووسین بۆ بەشێ لە نووسەرانی کورد نەک هەر بووە بە بەشێ لە ژیانیان بەلکو گشت ژیانیانیشی لێپێکهاتووە. نووسینش کە دەبێ بە گشت ژیان بەتەبیعەتیحال شوێنێ بۆ پشوو, بۆ وەرزش, بۆ ئەویندارى, بۆ پێوەندیکردن بە ئاژەلەوە(بەخێوکردنی ئاژەل), بۆ بایەخدان بە ژینگە و پیاسکردن لەناو سروشت نامێنێتەوە. هەرلێرەش دەشێ ئەوە بووترێ کە بۆیشە دەمێکە خۆم لە خوێندنەوەی

شیعری کوردی تازە ,کە زۆربەشی شیعری شاعیرانی هاوڕێمن, تۆراندووە. چونکە زۆربەی شاعیرە هاوڕێکانم بە سال پیاسەێ لەناو دارستانێ ناکەن و زۆربەی هەرە زۆریشیان حەوسەلەی بەخێوکردنی ئاژەلێکیان نیە یان تاقەتی بایەخدانیان بە تاکە ئینجانەێک لە مالەکانیانا نییە و, ئەمەوبگرە بەسال پیاسەێ لەتەک هاوسەر یان خۆشەویستەکانیانیش ناکەن. ئەوەش تەنیا لەبەرئەوەی ""ئەمانە"" دەنووسن و کاتییان بۆ ئەو شتانە نییە بەلام سەیرەکە لەوەدایە ""ئەمان"" لە نووسینەکانیانا(لە چیرۆکەکانیانا, لە قەسیدەکانیا) گشت ئەو شتانە بە وشە دەکەن, واتە دەزانن ئەم شتانە هەن. لەوەسەیرتر ئەوەیە ""ئەمانە"" دەنووسن بێئەوەی لەپێوەندیدابن لەتەک ئەوی لەبارەیەوە دەینووسن. بەخۆی هەر ئەوەشە هەقیقەتی نووسەری کۆمەلگەی لێوانلێو لە داڕمان و گەندەل کە نازانێ لەدەرەوەی نووسین پێوەندی بە ژیانەوە بکا.

وێرای ئەوی لایسەرەوە ووترا ئەوەش دەلێین, نووسەری کۆمەلگەی گەندەل لەبەرئەوەی مەفتوون و شێتی نووسینە, لەبەرئەوەی خەونی سەرەکی ئەم نووسەرە ئەوەیە تەنیا بلاوکاتەوە, نە فریای هاوڕێیەتی دەکەوێ و نەش پیاسەێکی ناو باخچەێ تەنانەت لەو شتەش ناگا پێیدەلێن پشوو, پشووی هاوینە یان زستانە, بەلام لەبڕیئەوە زۆربەی نووسەرانی کورد مەیلی داهێنانێ تریان تیایە ئەوەش عارەق خواردنەوە و گالتەجارییە. ئەمەوبگرە زۆربەی نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل لەبەرئەوەی مانەوەیان بەوەوە بەستراوەتەوە دەبێ بەردەوام بنووسن و بلاوکەنەوە بۆیە بەلێشاو دەنووسن بەلام بەبێ ئەوەی بەلێشاو بخوێنەوە یان جارجارە پشووێ بدەن و ئەوە بخوێننەوە نەک هەر ئەوانی تر نووسیویانە بەلکو ئەوەش کە خۆیان ماوەێ لەمەوبەر نووسیویانە. بۆیە نابێ نووسەری کۆمەلگەی گەندەل وەک فریشتە تەماشاکرێ.

لایەنێتریش کە شایانی باسکردنە و کەسێتی نووسەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لەکەداردەکا ئەوەیە, نووسەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ناتوانێ پەیبەوەبا ""ئەم "" پێشئەوەی نووسەر بێ مرۆڤە, هەروەها نووسەری گەندەل لەوەش حالینەبووە دەکرێ باوکێ یان مێردێ یاخود هاوڕێ ئەمجار عاشقێ خراپ بێ. ""ئەم"" لەبەرئەوەی ڕۆژانە کاغەز ڕەشدەکاتەوە و لەم گۆڤار و لەو هەفتەنامە شت بلاودەکاتەوە خۆی لێبووە بە فریشتە و ئامادە نییە پێیبووترێ ""تۆ"" بەدی دەکەی. ئەم کە شانازیێ زۆر بەو سوپایەوە دەکا لە خوێنەران لێرە و لەوێ دروستیکردوون ئامادە نییە خۆی بکا بەبەشێ لەو گەندەلەی هەیە. بۆیە دەبێ لە نووسەری گەندەل بپرسین: ""تۆ"" ئەی نووسەری گەندەل بۆ بەمجۆرە دەڕوانیتە خوێنەر؟ تۆ بۆ بۆئەوەی ڕەخنەگرانت بێدەنگ و کپکەی بە جاهیل و نەخوێندەواریان ناوزەددەکەی؟ بۆیە ""تۆ"" , ئەی نووسەری گەندەل , لەو شوێنە گەندەلە نەبێ خۆتت تیاخزاندووە پێمان بلێ لە چ شوێنێکی سەرڕووی ئەم زەویە بۆچوون و نووسینەکانت دەوترێنەوە و یان بوونە بە سەکۆێ بۆشت لێوەفێربوون ؟ بۆیە پێتدەلێین: تکایە ئەی نووسەری گەندەل هێمن بەرەوە و بەباری گەندەلاوی و بێ هزریتا بچۆرەوە, ""تۆ"" بەوەی بیری کەسانێتر کاوێژدەکەی بێئەوەی ناویان بهێنی, ""تۆ"" بەپێیئەوەی دیتن و واتای ئەم و ئەو کۆپیدەکەی و سێرکردن و وشەی تریان لێدادەتاشی بەمە نابی بە فریشتە هەروەک ووتم زۆرئاسایە عاشقایەتیەکەت, باوکایەتیەکەت و برایەتیەکەت تادەگاتە هاوڕێیەتیەکانت لەکەدار و کۆلاپساوی بن. بۆیە ""تۆ"" پێویست و مەرجە لەوەبگەی پێشئەوەی ""تۆ"" نووسەر بی مرۆڤی, باوکی, مێردی و هاوڕێیی و....هتد. ئەمە و ئەی نووسەری گەندەل ""تۆ"" نابێ بەردەوام ناز بەسەر خوێنەرانەوەکەی, نابێ وایانتێگەێنێ گەر ""تۆ"" نەتنووسیبایە دەبایە ئێستا کورد لێرە و لەوێ هزر قەرزکا. دلنیابە نووسەری گەندەل خوێنەرانی ""تۆ"" گەر لە ژینگەێ ڕۆشنبیری و سیاسی تر بژیانایە, گەر شیاوی فێربوون و خوێندنێ جیا و تایبەتیان بۆ بڕەخسایە هەرگیز نووسینە پاڕادۆکسالەکانی ""تۆ""یان نەدەخوێندەوە.

ئەمەو نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل, هەروەک سیاسیەکان, بەزۆری پیاون و نووسینیشیان کردوە بە چەکێ بەدەستیانەوە بۆ پاراستنی پیاویەتی (باوکایەتی, مێردایەتی و عاشقایەتی) خۆیان. ""ئەمان"" لەبەرئەوەی پیاون

خۆیان لەو جۆرە شتانەش دەدەن کە پیاویەتی لێدەبارێ بۆیە لەم دوایە و پاش دەرکەوتنی هەندێ نووسەری ئافرەت بایەخ و شێوازەکانی نووسەرانی ئافرەت ئەو بوار و کێشانەی گرتەوە نووسەرە پیاوەکانی کۆمەلگەی گەندەل لێینەدوابوون. بۆنموونە بایەخدانی نووسەرە ئافرەتەکان بە ئافرەتە ئەنفالکراوەکان, یان بایەخدانیان بە کێشەی ئافرەت و منال و ئایندەی خێزان. ئەمە و لەبەرئەوەی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل پیاون ئەم پیاوانە ئامادەنین لەکێشەی ژیندەری بەرامبەریان بگەن هەربۆیشە نە ڕەخنەیان دەکەن و نەش گفتووگۆ. بەواتایتر, لەبەرئەوەی نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو بەزۆری پیاون ڕووی دەمییان تەنیا لە سیاسیەکانی کۆمەلگەکەیانە. بەلام هەر ئەم نووسەرە پیاوانە, نووسەری گەندەل, عادەتێ تریشیان هەیە ئەوەش ئەوەیە کە تەنیا بە شەو ئافرەتیان بیردەکەوێتەوە یان تەنیا ئەو دەمە ئافرەتیان بیردەکەوێتەوە کە سەرخۆشن و قەسیدەێک دەنووسن. بۆیە ئەو بەشتبوونەی ئافرەت لە کۆمەلگەی گەندەل دووچاری دەبێ تەنیا کارکردەی تاکی سیاسی ئەم کۆمەلگەیە نییە بەلکو کارکردەی ئەو جۆرە پیاوەشە کە پێیدەلێن نووسەر ( یان ڕۆشنبیر).

بۆزێتر ڕوونکردنەوەی ناواخن و ماهیەتی ئەم بەشە و تێگەیشتنیش لە پەیامی نووسەری گەندەل بەپێویستی دەزانین کارەکتەرەکانی ئەم جۆرە نووسەرە لایخوارەوە لەچەند خالێ کورت و پووختکەینەوە کە بەخۆی ئەو خالانە ئەوەش نیشاندەدەن کە نووسەری کۆمەلگەی گەندەل فریشتە نییە:

* ئەم بەشەی نووسینەکەمان نایەوێ نووسەری کۆمەلگەی گەندەل و دارمان وەک کەسێ بێ هەلە و بیرخاوێن و دەروونساغ نیشاندا. لەبەرئەوەش نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو هەلگرێ دونیاێ تێگەیشتنی گەندەلاویە ناشێ ڕەخنەنەکرێ و لەو ئاوەلناوانەش نەخرێ ( بوێژی ڕاستی, چاوقایم, بوێر و ,,هتد) سالەهایە بۆخۆیداڕشتوون.

* نووسەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەیەوێ تەنیا نووسینی ""ئەو"" بخوێنرێتەوە. ئەو کە فابریکەئاسا لە هەلڕشتنی وشە بەردەوامە وشەکانی تەنیا بەروبوومی گەرووی خۆی نین. بەلام ""ئەم"" لەبەرئەوەی ڕۆشنبیریێ سوفستای بوونیادی دیتن و لێکدانەوەکانی ڕاگرتووە دەرک بەوەناکا هزرگەندەل و کۆلاپساوییە.

* نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو گشت ڕێساکانی هاوڕییەتی تێکداوە. ""ئەو"" تەنیا ئەوانە بە هاوڕێی خۆیدەزانێ نووسینەکانی کاوێژدەکەنەوە. وەکیتریش ""ئەو"" باشترین هاوڕێی ئەو کەسەیە کاغەز ڕەشدەکاتەوە و لەوەشبترازێ نووسەری گەندەل هاوڕێی نیە و ماوەی جارێ ئەوپەڕی گەمە بە گشت پێوانەکانی هاوڕێیەتیش دەکا.

* لەهەموو ئەویووترا سەیرتر ئەوەیە نووسەری گەندەل, هەروەک سیاسیەکانی هاوڕێی , دەروەسی تەندروستی خۆی نایێ و حەوسەلەی ئەوەشی نیە لە سالێکا دە کیلۆمەتر ڕاکا یان مەلەکا. بۆیە ""ئەو"" تەنیا لە کاتی نووسینی قەسیدەێ دارستانی بیردەکەوێتەوە ئەلبەتە ئەم نە بە تەماشاکردنی دەریایێ ڕادەچلەکێ و نەش بە بینینی جەنگەلێ پڕ لە سروشت و سەوزایێ پڕ لە هێمنی هەستی دەبزوێ. ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی ئەم خەیالی لای نووسینە و فریای ئەو شتانە ناکەوێ, بەلام بەخۆی ""ئەم"" خەیالی لای ئەو سوپا لە خوێنەرەیە لێرە و لەوێ بۆ تەنگانە کۆیکردونەتەوە. هەروەک ووتمان گەر سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل خەیالیان لای ژمارەی بالاخانە و ئەو پاسەوانە لاتولوتانەبێ لەبەردەم دەرگاکانیانا پاسەوانیاندەکەن نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو خەیالی تەنیا لای ژمارەی ئەو چەند کتێب و چەند سەد لاپەڕانەیە بلاویکردونەتەوە.

* نووسەری گەندەل یان نووسەری کۆمەلگەی گەندەل ,هەروەک سیاسیەکان, هەر خەریکی پاساودان و پاکانەکردنە بۆ ئەو ژەهرانەی لەڕێگای ووتنەکانیەوە دەیپرژێنێ. ئەم, واتە نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو , لەبەرئەوەی تاکە شتێ کە هەیبێ زمانە تەنیا لەڕێگای زمانەوە بوونی خۆی دەپارێزێ بۆیە کروزانەوە و پاکانەکردن یەکێکن لە ئامرازەکانی ئەم زمانە کە لەڕیشەدا زمانێ سوفستاییە بۆیشە نووسەری کۆمەلگەی گەندەل هەمیشە لە هەوای خۆباش نیشانداندایە. ئەلبەتە نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو ئەم ڕەفتارەشی دەقاودەق لە ڕەفتاری سیاسیە گەندەلەکان دەکا کە ماوەیجارێ گازندە لە بەختی خۆیان دەکەن چەند قەدەر لەتەکیانا نەیهێناوە ئەگەرچی ""ئەمان"" زۆر باشبوونە.

* تووسەری کۆمەلگەی گەندەل بەجۆرێ دەنووسێ وەک بلێی گشت ژیان لە نووسین بریتیکراوە. ئەو لەبەرئەوەی هزرێ گەندەلاوی هەیە دەستووری نووسینی تێکداوە و لەوەش نەگەیووە نە ژیان لە دەرەوەی نووسینە شیاوە و نەش نووسین لە دەرەوەی ژیان. بەکورتی, نووسەری گەندەل لەو پێوەندیە دیالیکتیکیە ناگا نووسینی بە ژیانەوە گرێداوە و ئەو پێوەندیەش پێوەندیێی مرۆیی بالایە. واتە لەبەرئەوەی نووسەری گەندەل لەدەرەوەی ژیانەوە دێتە ناو نووسین ژیان ئەو شوێنەی لەناو نووسینەکانیا نیە و ژیان بۆ نووسەری گەندەل دەسکەلایکە بۆ نووسین نەک بەپێچەوانەوە. ئەمەش یەکێکە لە هەلەکانی دەستەبژێری نووسەری کۆمەلگەی گەندەل کە شتێ زۆر لە نووسینا دەبیننەوە و لە ژیانا شتێ ئەوتۆ نابیننەوە. هەر ئەمەشە وادەکا ئەو دەستەبژێرە چێژ لە بینینی فلیمێ یان چوونە ناو دارستان یان سەوللێدان و گەشتێکی ناودەریا و پیاسەیێکی ناو جەنگەلێ نەبینن.

* زۆرترین گرفتێ نووسەری گەندەل دوچاریدەبێ ئەوەیە ووتنەکانی هەلناگیرێتەوە یان کاریپێناکرێ بۆئەمە لایسەرەوە گەلێ هۆ دەستنیشانکرا دەشێ ئەم هۆیەش جێیسەرنجبێ: کەسی یان تاکی کۆمەلگەی گەندەل سەرقالی ئەو بژێویە بەرخۆریەیە سێستەمێ گەندەل و دارماو دووچاریکردوە بۆیە ئەم تاکە لەلاێ ناپەرژێتەسەرئەوەی لە مانا و نهێنی ئەو وشانە بگا دەیخوێنێتەوە و لەلایتریش نووسەری هەمان کۆمەلگەش لەبەرئەوەی هزرگەندەل و دەروونبیمارە لەو سەختیانە ناگا سێستەم بۆ تاکی کۆمەلگەی گەندەلی دروستکردوە. کەواتە نووسەری گەندەل لەبەرئەوەی لە کێشە ماتریالیەکانی تاکی کۆمەلگە ناگا تەنیا لەهەوای دروستکردنی قەڕالستانی خۆیەتی ئەلبەتە لەڕێگای وشەسازیەوە.

* بۆ نووسەری (ڕۆشنبیری) کۆمەلگەی گەندەل نووسین پرۆسەێ نیە لە هزراندن بەلکو کردەێکە لە گوزارەکردن بۆیە نووسینەکانی هەلناگیرێتەوە و کاریشیپێناکرێ. هەروەها نووسەری کۆمەلگەی ناوبراو لەبەرئەوەی دۆستی واژە و زاراوەیە گشت هێزێکی لە داتاشین و داڕشتنی واژە و زاراوە بەسەردەبا. بۆیە ئەوی نووسەری کۆمەلگەی گەندەل سلیلێدەکاتەوە هزرە چونکە ئەو بێهزریەی ئەم تیایدەژی تەنیا لەڕێگای قێزەوەنکردنی هزرەوە بۆیمەیسەردەبێ. بەلام ""ئەم"" کێشە هزریەکانی بەهۆی وشەسازیەوە چارەسەردەکا. ئەم وشەسازیەش ناوەڕۆکی ئەو ڕۆشنبیریە سوفستایەی پێکهێناوە ئەم جۆرە نووسەرانە دەیژێن.

* ئابووریکردن لە بەکاربردنی زمان یان وشە شتێکە هیچ مانا و کێشێکی بۆ نووسەری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل نیە و , ئەوەش کە بوونی ئەم جۆرە نووسەرانەی پاراستووە و ماهیەتیانی ڕاگرتووە زۆربەکاربردنی وشەیە چونکە پیشەی نووسەری گەندەل جوانهۆنینەوەی وشەکان و بەجۆراوجۆر داڕشتنەوەی وشەکانە نەک

شتێتر.

* ئەو ئازادیە گەندەلاویەی لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دا هەیە بەرژەوەندی دوو توێژی تیایە لەلایێ توێژی سیاسی (کە بازرگانیش بەشێکە لێی) و لەلایتر توێژی ڕۆشنبیر (کە نووسەر بەشێکە لێی). ئەمان کە دوو توێژی بەرچاوی کۆمەلگەی ناوبراو پێکدێنن لە هەمان دوو توێژی ئەو کۆمەلگەیەی زۆرداری سیاسی (بۆنموونە ولاتێ وەک عێراقی جاران) یان ئەو کۆمەلگەیەی سیاسەتێ ڕاست (بۆنموونە ولاتانی ئەسکەندەنافی) حوکمیتیادەکا جیاوازن. چونکە لە حالەتی یەکەم, واتە لە کۆمەلگەی زۆرداری سیاسیدا, سیاسی ڕەنگە بازرگانیش بێ بەلام بازرگان مەرج نیە سیاسی بێ, بۆیە لەمجۆرە کۆمەلگانە بازرگان, کە زیادلەپێویست پارەدار دەبێ, وەک مەترسیێ بۆسەر دەسەلات سێردەکرێ هەربۆیشە بازرگانەکانی سەردەمی دەولەتی بەعس زوو زوو ڕاوڕووتدەکران و یان پەلاماردەدران و وەکیتریش تیرۆردەکران. هۆی ئەمەش تەنیا بۆئەوەدەگەڕێتەوە سیاسیەکانی کۆمەلگەی زۆرداری سیاسی لەبنەڕەتدا ئایدیۆلۆژیستن. هەرچی توێژی ڕۆشنبیرە لە کۆمەلگەی زۆرداری سیاسی و تۆتالیتاری دەبێ بە دوو بەشەوە. بەشەکەمەکەی ئامادەیە لەبەر نووسینی هۆنراوەێ خۆی بە پەتا بکا بۆنموونە وەک شاعیری ئازیزمان دلشاد مەریوانی یان حالەتی عەبدولخالق مەعروف. چونکە ئەم کەسانە دلسۆزن بۆئەوەی دەیلێن. بەلام بەشەکەی تری کە تابلێی زۆرن بە دوو ڕووی سیاسی و مشەخۆری ڕۆشنبیری کات بەسەردەبەن.
بەلام لە حالەتی دووەم ,واتە لە کۆمەلگەیێ کە سیاسەتێ ڕاست, تارادەیێ ڕاست, پراکتیزەدەکرێ سیاسی نە ئایدیۆلۆژیستێ داخراوە و نەش بازرگانێ ڕووت. ئەلبەتە ڕۆشنبیریش تابلێی کراوە و باوەڕ بەخۆیە و نووسین ناکا بە پیشە و بژێوی ژیانیشی لەسەر ئەوە ناوەستێنێ بلاویدەکاتەوە مەگەر لەسەر ئاستە گەورەکان نەبێ , ئەوەش ئەو چەند نووسەر و ڕوناکبیرە گلوبالە دەگرێتەوە بۆچوونەکانیان بوونە بە سیمبۆل.
بەلام هەرچی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلە لەو دوو مۆدێلە جیایە لایسەرەوە باسکرا. چونکە لەلایێ سیاسی بەشێ زۆر لە بازرگانەکانی شار پێکدێنێ و لەلایتریش دۆستێ هێژای ئەو تازەبازرگانانەشە پارەێ زۆریان بە بازرگانیێ نا-ڕەوشتی و نا-مەدەنی کۆکردۆتەوە. ئەم جۆرە بازرگانانە کە دەتوانن بۆچوونی سیاسیان هەبێ شوێنیان لەناو دەسەلاتیش دیارە و جاریوایە دەستکاری بزاڤی ڕۆشنبیری (بەتایبەت کەرتی مێدیا) و تەنانەت کاری ئەکادیمیشدەکەن(زاتکۆ دروستکردن). هەرچی توێژی ڕۆشنبیری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلە, کە نووسەر بەشێکە لێی, ئەمانە لەدوو بەش پێکدێن. بەشە گەورەکەی ,کە هەر زۆر زۆرن ,تابلێی سوفستای و بیزنتین. ئەم بەشە هەرە زۆرە کە هەمیشە خەریکی کروزانەوە و مشەخۆرین لەڕێگای ئەوەوە زۆرترین شوێن و جێگایان لە نێوەندە ڕۆشنبیریەکانا بۆخۆیان دابینکردووە. هەربۆیشە ئێستا زۆربەی نووسەران 2 و 3 مەعاشیان هەیە کە ئەمە نە لە کۆمەلگەی زۆرداری سیاسی و تۆتالیتاریەکانا بۆ نووسەران دێتە دی و نەش لە کۆمەلگە مەدەنییە ڕاستەقینەکان ( مەبەستمان لێرە لە کۆمەلگەی مەدەنی ڕاستەقینە ئەو کۆمەلگە مەدەنییە هەرزان و بازاڕییە نییە ڕۆشنبیرانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بانگەشەی بۆدەکەن).

* یەکێ لە کاراکتەرە بەرچاویەکانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئەوەیە, بەشێ زۆر لە نووسەرانی دووچاری هەمان ئەو پەتایە دەبن سیاسییەکان پێوەیگلاون. بۆنموونە یەک لەو پەتایانەش ئەوەیە نووسەرانی کۆمەلگەی ناوبراو سیاسیەکانئاسا ڕاستەوخۆ نا- پەیڤن, ڕوون نا- دوێن و درێژداڕی دەکەن بە سەکۆێ بۆ پیادەکردنی هەقایەتە بیمارەکانیان. لەهەمانکاتدا دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین ,گەر بلێین نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل نادوێن هەلەدەکەین چونکە ئەمان دەدوێن و بگرە زۆریش دەدوێن و تەنانەت وتاری زۆر درێژیش دەنووسن و گشت ڕۆژێکیش یان هەموو هەفتەێ سەروتارێ درێژ بلاودەکەنەوە بەلام گرفتە بنەڕەتیەکە لەمحالەتەدا ئەوەیە

""ئەمانە"" لەو ڕووەوە نادوێن و نانووسن کە پێویست بێ. لەبەرئەوەی نووسین بۆ ""ئەمان"" , بۆ نووسەری گەندەل , بۆ بژێوی ژیان و دروستکردنی کەسایەتیە ئەم جۆرە نووسەرانە ناپەرژنە سەر ڕوونکردنەوەی شتی وورد و شتی دەرکپێنەکراو. هەروەها ئەمان لەبەرئەوەی تەنیا لە شارێکەوە دەنووسن و دژ بە شارێکیتر یان تەنیا لە ژێرسایەی حیزبێ دەنووسن و دژ بە حیزبەکەی تر ئەمەوادەکا یەک جۆر لە تاکە سیاسیەکانی کۆمەلگە و یەک جۆر لە کێشەکانی کۆمەلگە ببینن و چاوییان تاکە سیاسیەکانی تر و شتەکانی تر نەبینێ یان چاویان ئەو ناوچە و شار یان شوێنانە نەبینێ نا-دادپەروەری و گەندەلی لێدەتکێ.

* لەبەرئەوەی نووسەر یان ڕۆشنبیرانی کۆمەلگەی گەندەل زمانیان پێیە, لەبەرئەوەی لە چنینی زاراوە و داتاشینی واتا شارەزان بۆیە زۆر بەدرێژی دەکارن لەبارەی هیچەوە زۆرترین شت بلێین بەلام لەبەرئەوەی ""ئەمان"" لەبارەی هیچەوە دەدوێن لەکۆتایدا نەدەکارن شتێ بێ بەهاکەن و نەش شتێتر بەهادارکەن بۆیە دیاردە و ڕووداوەکانی, یان چاترە بلێین دۆزی , کۆمەلگەی ناوبراو بەزۆری وەک خۆیەتی. لەبەرئەوەش ""ئەمان "" تەنیا زمانیان هەیە و ئەو زمانەش تابلێی سوفستاییە بۆیە سیاسیەکانی کۆمەلگەی ناوبراو بە ووتنەکانی ئەمجۆرە نووسەرانە ئەوەی موچرکەبێ بە گیانی سیاسیانا نایێ.
بۆپتر ڕوونکردنەوەی ئەوی لایسەرەوە ووترا دەمانەوێ ئەوەشیادخەیەوە کە, نووسەرانی کۆمەلگەی گەندەل تابلێی دەنووسن و تابشلێی شێتی نووسینن چونکە هەر نووسینە کردویانیەتی بە ئەمیری وشە بەلام لە نووسینەکانیانا ئەوپەڕی گالتە بە وشەسازیدەکەن. ""ئەمان"" لەبەرئەوەی لە پیشەسازی نووسین گەیشتوون بۆیە لەسەر بچووکترین واتا زۆرترین شت دەنووسن بەلام بێ ئەوەی ئەو شتە لەکەدارکەن یان بگۆڕن. واتە لە نووسینەکانی نووسەرانی گەندەل شتێ نیە پێیبوترێ نرخاندن, هەلسەنگاندن و پێوەر و , لەو شتانەش کە لەبنا بۆ ئەم جۆرە نووسەرانە مانای نییە چەمک و پەیڤە. وەکیتریش بونیادی سوفستای ڕوناکبیری ""ئەمانە"" بەجۆرێ هەلچنراوە چۆنت بوێ ئاوا دەنووسن هەربۆیشە نووسەرە گەندەلەکان لە نووسینەکانیا زۆرترین گەمە(یاری) بە چەمک و پەیڤ دەکەن. ""ئەمان"" بۆئەوەی ئەمەبکەن دەبێ ئەوی دەیلێن بە ئەدەبی(بەوێژەی) بکەن. بۆیە ئەدەب(وێژە) لای ""ئەمان"", لای نووسەری گەندەل, سەروی گشت شتێکی ترە. چونکە ڕۆحی ئەو ڕوناکبیریە بیمارەی ""ئەمانە"" هەیانە ئەدەبە بەواتایتر زمانە. ""ئەمان"" لەبەرئەوەی گشت زمانیان لە ئەدەبا چڕکردۆتەوە وێنەێ ئەوتۆشیان لەسەر ڕۆشنبیری دروستکردوە کە ڕۆشنبیری تەنیا لە ئەدەب بریتیە. بۆیە لە کۆمەلگەی گەندەل ئەدەب تابلێی شوێنی بایەخە. گشت توێژەکانی کۆمەلگا بایەخدەرن بە ئەدەب. زۆرترین ئەکادیمیکەرانی کۆمەلگەی ناوبراو یان لە ئەدەب پسپۆڕن یانیش مێژوو و سیاسەت ئەلبەتە ئەو دوانەش (واتە سیاسەت و مێژوو) دیسانەوە بە ئەدەبیکراون. بۆیشە سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل هێندەی نووسەرە گەندەلەکان و هێندەی ئەو ئەکادیمیکەرانەش لە ئەدەب و زمان پسپۆڕن دەم لە ئەدەب وەردەدەن. سیاسی هیچ کۆمەلگەیێکیش هێندەی سیاسی کۆمەلگەی گەندەلی کوردی حەزی لە ئەدەب نیە. ""ئەمان"" لەبەرئەوەی لە ئەدەبا نەتەوە دەبیننەوە گشت سەفسەتەی سیاسی خۆشیانی تیاوەبەردێنن. بەلام موخابن ئەم ئەدەبەی ئەمانە, چ ڕۆشنبیران و چش سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپسی کوردی, مەفتوونی بوونە ئەدەبێ گەندەلە. ئەم ئەدەبە کە گەندەلدارە زۆر جیایە لەو ئەدەبەی باووباپیرانمان (خانی, مەحوی) پێوەی سەرگەرمبوونە.

* کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کۆمەلگەێ ڕۆمانسی و سوفستاییە. ئەم ڕۆمانسیەتەی ئێمە لێرە باسیلێوەدەکەین ڕۆمانسیەتێ تایبەتە بە کۆمەلگەی گەندەل یان با بلێین ئەم ڕۆمانسیەتە یەکێکە لە پیشەسازیەکانی وتاری ڕۆشنبیری ئەم جۆرە کۆمەلگەیە کە ڕۆحێ هیچگەرا و سایکۆبیماری هەیە. سەیرەکەلەوەدایە ئەم ڕۆمانسیەتە بە

باشی لەتەک ئەو سەفسەتە زمانەوانیەش یەکیگرتۆتەوە کەبۆتە کۆلەکەی هزری ئەو وتارە ڕۆشنبیریەی لەم کۆمەلگەیە باو و زالە. هەر ئەم ڕۆمانسیەتە ڕۆشنبیریێ ڕۆمانسیشی دروستکردوە کە هۆنراوە نووسین باشترین پیشەسازی ڕۆشنبیرانی ئەم کۆمەلگەیە بێ. هۆنراوە , ئەو شتە مەزنە , لەژێرسایەی نووسەر و ڕۆشنبیری گەندەل تابلێی بەگەندەلبووە.